دادگای فیدراڵی عیراق سکاڵایەکی بە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک ڕەتکردەوە

دادگای فیدراڵی عیراق سکاڵای چەند لایەنێکی بە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق لە کەرکوک ڕەتکردەوە و لەپرسراوی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دەڵێت:"پێشبینیمان دەکرد دادگای فیدراڵی بڕیارە دروستەکە بدات چونکە هیچ بیانوێکی یاسایی و دەستوری بە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک نییە".

ئەمە دادگای فیدراڵی عیراق ئەو سکاڵایەی ڕەتکردەوە کە چەند لایەنێکی سیاسی عیراقی لەکەرکوک داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیان کردبوو، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بڕیارە ڕۆژی ٢٠٢٣-١٢-١٨ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق لە ١٥ پارێزگای عیراق جگە لەپارێزگاکانی هەرێم بەڕێوەبچێت.